# بەشی زمانی کوردی

# کۆلێژی زمان

# زانکۆی سەلاحەدین

# بابەت : ئیتیمۆلۆجی

# کۆرس بوك :ساڵی دووەم

# ناوی مامۆستا : د. ساکار ئەنوەر حەمید

## ساڵی خوێندن :٢٠٢٢-٢٠٢٣

# Course Book

| | |
|---|---|
| ١- ناوی کۆرس | ئیتیمۆلۆجی |
| ٢-ناوی مامۆستا | د.ساکار انور حمید |
| ٣-کۆلیژ /بەشی زانستی | کۆلیژی زمان / بەشی زمانی کوردی |
| ٤- پەیوەندی | ئیمەیڵ : sakar.hameed@su.edu.krd |
| ٥- کاتژمێرەکان لە هەفتەیەکدا | ٤ کاتژمێر تیۆری لە هەفتەیەکدا |
| ٦- ژمارەی کارکردن | |
| ٧- کۆدی کۆرس | |
| ٨- پرۆفایلی ئەکادیمی مامۆستا. | من( د.ساکار انور حمید ) هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا، نازناوی زانسی( مامۆستا )، پسپۆری زمان/دەنگسازی، دەرچووی کۆلێژی زمان/بەشی کوردی ساڵی ٢٠٠٤/٢٠٠٥، بۆماوەی ٢ساڵ ( ی.توێژەر) کارکردن لەهەمان کۆلێژ، پاشان لەساڵی ٢٠٠٧/٢٠٠٨ لەماستەر وەرگیرام، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٩بڕوانامەی ماستەرم پێ بەخشرا لە پسپۆری لێکسیکۆلۆجی، لەساڵی ٢٠١٠ نازناوی مامۆستای یاریدەدەرم پێدرا، هەر لەو ساڵە وانەی ( زارناسی )م بەقۆناغی یەکەم وتەوە، دواتر وانەی ( تیۆری زمان ) بە قۆناغی سێیەم، ساڵی ٢٠١٥-٢٠١٦ ( تیۆری زمان )بەهەمان قۆناغ، وانەی ( شارستانییەی کورد )یش بە قۆناغی دووەم دەگووتەوە، لە ساڵی ٢٠١٨ لە دکتۆرا وەرگیرام، لە ساڵی ٢٠٢٠ بڕوانامەی دکتۆرام پێبەخشرا. چوار ساڵە وانەی ( لێکسیکۆلۆجی )دەڵێمەوە ، دوو ساڵە وانەی ( ئیتیمۆلۆجی ) بە قۆناغی دووەم دەڵێمەوە واتە بۆ ماوەی ١٣ ساڵە وەکو مامۆستای زانکۆ کاردەکەم لەهەمان کۆلێژ و بەشی ناوبراو کە لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، سوپاس. |
| ٩-وشە سەرەکیەکان | چەمك و پێناسەی ئیتیمۆلۆجی، وشەی بێگانە، وشەی ڕەسەنی کوردی، وشەی نوێباو، وشەی مردوو، سستی و چالاکی وشەی زمانی کوردی |

**ناوەرۆکی گشتی کۆرسەکە :** ئیتیمۆلۆجی ئەو بەشەیە لە زانستی وشە، کە لە چۆنیەتی پەیدابوون و وەرگرتن و گەشەکردنی وشە و ئەو دەورانەی پێیدا تێپەڕیوە دەدوێ .واتەلە ڕەچەلەك و ڕیشەی وشەکان دەدوێ، هەروەها لەم کۆرسەدا گرنگی بە وشە ڕەسەن و خواستراو و مردوو و نوێیاوەکانی زمانی کوردی دەدەین. ئیتیمۆلۆجی زانستێکی گرنگە لە لێکۆلینەوە زمانەوانییەکاندا ناتوانرێت فەرامۆش بکرێت لە بابەتەکانی خوێندنی قۆناغی زانکۆیی بەتایبەتی بەشی زمانی کوردی.

**ئاما نجی کۆرسەکە :** ئاشناکردن و ناساندنی قوتابیان بە چەمك و پێناسەی ئیتیمۆلۆجی و رەچەلەکی وشەخواستراوەکانی زمانی کوردی و رەچەلەکی وشە رەسەنەکانی زمانی کوردی ، هەروەها ئاشناکردنی قوتابیان بەو لێکۆلینەوە زمانەوانییانەی کە لەسەدەکانی رابردووەوە تا ئەمرۆ نوسراون.

**بەرپرسیارێتیەکانی قوتابی:**

قوتابی بەدرێژایی ئەم ساڵەی خوێندنی کە لەسەریەتی ئەم ئەرکانەی خوارەوە جێبەجێ بکات، کە لە لایەن مامۆستای بابەتەوە پێی دەسپێردرێت، وەکو:

١-را پۆرتێك لەسەر یەکێك لە بابەتەکانی ناو کۆرسە کە، یان نزیك لە بابەتەکە.

٢-رێژەی ئامادەنەبوونی قوتابی بەبێ هۆ لەوانەکان و کەوتن بەهۆی نەهاتنەوە.

٣-ئاگادار کرنەوەی قوتابیان لە رۆژ و مانگ وکاتژمێری تاقیکردنەوەکان و نمرەی تاقیکردنەوەکە و ئامادەبوونی قوتابی لە رۆژی تاقیکردنەوەکە و مۆڵەت پێنەدانی بەهیچ شێوەیەك، ئامادەنەبوونی بە کەوتوو هەژمار دەکرێت.

**شێوازی وانەوتنەوە :**

-لە رێگاکانی وانە وتنەوەدا پشت دەبەسترێت بە رێگای تەکنیکی نوێ بە تایبەتی کۆمپیوتەر و داتاشۆ بۆ پێشکەشکردنی سەرە بابەتەکان و خاڵە سەرەکییەکانی (Power Point بەبەکارهێنانی پرۆگرامی ( بابەتەکان و نوسینی پرسیار، ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە ڕاکێشانی سەرنجی قوتابیان بەرەو بابەتەکە.

-رێکخستنی تەختە و نوسین بە شێوەیەکی روون و رێك تا قوتابیان زیاتر سودمەند بن.

-بەکارهێنانی کاری گروپی بە قوتابیان و پێشبڕکێی پرسیار و وەڵام لە نێوانیاندا.

-رێگاکانی وانە وتنەوە دەبێت بەبێ جیاکاری نێوانیان، بە پێی هەرسێ ئاستی ( زیرەك، ناوەند، بیرکۆڵ )ی قوتابیان ئە نجام بدرێت.

- پرسیارکردنی مامۆستا لەکاتی وانە وتنەوەدا خاڵێکی گرنگە دەبێتە هۆی بەکارخستنی مێشکی قوتابی و بەشداریکردن لە وانەکە.

**شێوازەکانی هەڵسەنگاندن**

**قوتابی بەدرێژایی ئەم ساڵەی خوێندن دوو تاقیکردنەوە ئە نجام دەدات ، یەك لە وەرزی یەکەم ، تاقیکردنەوەی دووەم لە وەرزی دووەم دەبێت ، هەریەك لە تاقیکردنەوەکان ١٥ نمرەی لەسەر دەبێت ، ١٠ نمرەش لەسەر چالاکی سیمینار یان پێشکەشکردنی باسێك دەبێت لەبارەی یەکێك لە بابەتەکانی وانەکە و ئامادەبوون و چالاکی ڕۆژانەی قوتابی دەبێت کە دەکاتە ٤٠ نمرە کۆتایی سالیش ٦٠ نمرەی لەسەرە کە دەکاتە ١٠٠.**

**دەرئە نجامی فێربونی قوتابی: ڕوونی ئاما نجە سەرەکییەکانی بابەتی ئیتیمۆلۆجی بۆ قوتابیان وەك لەسەرەوە ئاماژەمان بەهەندێکیان کرد، بەلاّم یەکێك لەئاما نجە هەرەسەرەکییەکان ناساندنی وشە خواستراوەکانی زمانی کوردی و ڕەچەلەکیان لەرووی ئیتیمۆلۆجییەوە بەقوتابیان، تاوەکو ئاشنایەتییان هەبێ بەرامبەر بە وشە خواستراوەکان.**

**لیستی سەرچاوەکان:**

**١-ساکار انور حمید( ٢٠٠٩ )وشەخواستن لەزمانی کوردیدا ( لێکۆلینەوەیەکی ئیتیمۆلۆجییە )،نامەی ماستەر ،هەولێر،.**

**٢-جمال نەبەز ( ٢٠٠٨ ) وشەنامەکی ئیتیمۆلۆژیای زمانی کوردی، چاپی یەکەم.**

**٣-ئەورەحمانی حاجی مارف ( ١٩٧٥ ) ، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا.**

**٤- ئەورەحمانی حاجی مارف ( ٢٠٠٠ )، بنج و بنەوانی هەندێ وشە، بەشی یەکەم، بەغدا.**

**٥-تابان محمد سعید حسن ( ٢٠٠٨ ) گەشەسەندن و پوکانەوەی گە نجینەی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سلێمانی.**

**٦- ڕۆژان نوری عبدالله ( ٢٠٠٧ )، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی یەکەم ،کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.**

**٧- ابراهیم السامرائی ( ١٩٩٧ ) الدخیل فی الفارسیە والعربیە والترکیە،معجم و دراسە، الطبعة الاولی،بیروت-لبنان.**

| بابەتەکان | ناوی مامۆستا |
|---|---|
| **هەفتەی یەکەم: چەمك و پێناسەی ئیتیمۆلۆجی ، پەیدابوون و گەشەکردنی وشەکانی زمانی کوردی**<br>**هەفتەی دووەم: خێزانە زمانەکانی جیهان**<br>**هەفتەی سێیەم: وشەی زمانی کوردی:١-وشەی کوردی پەتی( ڕەسەن )**<br>**هەفتەی چوارەم : تەواوکەری وانەی پێشوو** | **د. ساکار انور حمید**<br>**یەکەی وانە: ٢ یەکە** |

| | |
|---|---|
| **هەفتەی پێنجەم**: ٢-وشە خواستراوەکانی زمانی کوردی ، وشەی فارسی لە زمانی کوردیدا<br>**هەفتەی شەشەم**: ( وشەی عەرەبی، وشەی تورکی ) لە زمانی کوردیدا<br>**هەفتەی حەوتەم**: وشەکانی( هیندۆئەوروپی ، سانسکریتی /هیندی، ئینگلیزی ) لە زمانی کوردیدا<br>**هەفتەی هەشتەم**: وشەکانی ( یۆنانی ،چینی ،لاتینی ،سریانی ،عیبری ) لە زمانی کوردیدا<br>**هەفتەی نۆیەم**: وشەکانی ( رووسی، فەرەنسی، سلاڤی،ئەوروپایی ) لە زمانی کوردیدا<br>**هەفتەی دەیەم**: وشەکانی ( ئەلمانی ،ئیتالی، مەغۆلی، زاراوەی جیهانی ) لە زمانی کوردیدا<br>**هەفتەی یازدەهەم**: موفرەداتی زمانی کوردی لەڕووی چالاکی و سستی یەوە.<br>**هەفتەی دوانزەهەم** : ڕەگی بێگانە لە موفرەداتی زمانی کوردیدا ( ١-وشەی بێگانە، ٢_زرەرێژ )<br>**هەفتەی سیانزەهەم**: وشەی مردوو، وشەی نوێباو | |

**نموونەی پرسیاری تاقیکردنەوە :**

**پ١/ پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە؟**

**ئیتیمۆلۆجی**: ئەو بەشەیە لە زانستی وشە، کە لە چۆنیەتی پەیدابوون و وەرگرتن و گەشەکردنی وشە و ئەو دەورانەی پێیدا تێپەڕیوە دەدوێ.

**پ٢/ وەلامی راست یان چەوت بەرامبەر ئەم دەستەواژانەی خوارەوە دابنێ :**

وشەی ( سەماوەر ) لە وشەی ( سام +ڤار ) ی رووسییەوە وەرگیراوە

وەلام : راستە

**پ٣/ هەڵبژاردن : وەلامی راست هەڵبژێرە :**

وشەی ( یەڵدا ) لەبنەرەتدا وشەیەکی:

أ-یۆنانییە ب-سریانییە ج –تورکییە

وەلام : ب_سریانییە

**تێبینی تر :**

**پێداچوونەوەی هاوەڵ**